ئەگەر هەریەکێکتان لە خەو هەستا ئەوا با سێ جار ئاو - هەڵبمژێتە- نێو لووتی ودەری بکات، چونکە شەیتان بە درێژایی شەو لەسەر لووتی دەمێنێتەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەریەکێکتان لە خەو هەستا ئەوا با سێ جار ئاو -هەڵبمژێتە- نێو لووتی ودەری بکات، چونکە شەیتان بە درێژایی شەو لەسەر لووتی دەمێنێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری ئەو کەسە دەکات کە بە شەو لە خەو هەڵدەستێت بەوەی سێ جار ئاو هەڵبمژێتە نێو لووتی ودەریبکات، چونکە شەیتان بەدرێژایی شەو لەسەر هەموو بەشێکی لووتی دەمێنێتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8377